گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 10, No. 2, pp. 273–291, June-2022
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# گۆرانی کار و جۆرەکانی لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێران

حسێن موحەمەدزادە
بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان- زانکۆی پەیام نوور- تاران/ ئێران.

وەرگرتن: 2022/01 پەسەندکرن: 2022/04 بەلاڤکرن: 2022/06 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2022.10.2.924

**پوختە:**

گۆرانییەکانی کار لە چوارچیوەی زانستی فۆلکلۆر دابەش دەبێت. ئامانجی ئەم کارە کۆکردنەوە و دابەشکردنی گۆرانیی کار لە ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ئێرانە. تیۆرییەکانی زانستی فۆلکلۆر لە سەر چوار تیۆری مێژوویی-بەراوردی، نەتەوەخوازی، دەرون شیکاری و مرۆڤ ناسی دەستە بەندی دەکرێن. میتۆدی کۆکردنەوەی ئەم کارە لە سێ جۆری کاری مەیدانی (وت و وێژ)، بەڵگە و کاسێت (نەوار، شریت) پێکهاتووە. بۆ ئەم مەبەستە گۆرانییەکان لە ناوچەی سنە، سەقز، سەرشیو، هەورامان و مووچش و کامیارن کۆکراونەتە-وە. گۆرانییەکان دوای کۆکردنەوە و دابەزاندنیان کراونەتە دەق. دوای هەڵسەنگاندن، دەقی گۆرانییەکانی بە سەر چەن جۆری سەرەکی و لاوەکیدا وەک: گۆرانی راو، گۆرانی وەرزێری(حەوت جۆر)، گۆرانی ئاژەڵداری(هەشت جۆر) و دەیان ناویتر دابەشکراون. جۆر و ناوەرۆکی ئەم گۆرانییانە نیشان دەدەن کە بەشێک لە مێژووی کۆمەڵایەتی، داب و نەریت، پەیوەندی رەگەزی و چینایەتی کۆمەڵگا.. لەم دەقانەدا رەنگیان داوەتەوە. هەر چەن نووسەر و بێژەری سەرەکی ئەم دەقانە نادیارن، بەڵام گەلێ باسی قووڵی کۆمەڵناسی، مرۆڤناسی و سیاسیان لە ناخدایە کە پێویستە بیانپارێزین و بە چاوی گەنجی فەرهەنگی بۆیان بروانین.

**پەیڤێن سەرەکی:** *کار، گۆرانی کار، ناوچەی کوردنشین.*

## سەرەتا

گۆرانییەکانی کار لە چوارچیوەی زانستی فۆلکلۆر جێ دەگرن. فۆلکلۆر یان زانستی گشتی رووبەرێکی فراوان لە زانست و تیکنۆلۆژی تا پزشکی و ئەدەبیاتی زارەکی لە خۆ دەگرێ. مۆرکی سەرەکی ئەم زانستە ئەوەیە کە نەنووسراوەو و خاوەنی(وەک تاک و کەس) نادیارە، بەڵام بە هۆی فاکتۆری زمان لە چوارچێوەی جوگرافی و نەتەوە و گەلێک دەردەکەوێت. کوردستان وەک یەکێک لەو شوێنانەی کە مێژوویەکی دوور و درێژی شارستانیەتی هەیە(اویسیان، ۱۳۹۹) و خاوەنی فرە بەرهەمی فۆلکلۆری جێگای سەرسوورمانە(نیکیتین، 1378) گۆرانیی کاری تایبەت بە خۆیشی هەیە کە پێویستە وەک بابەتێک لێی ورد بینەوە.

گەرچی کوردەکان وەک نووسەری گەلێ کتێبی تورکی و عەرەبی و فارسیی دەوری گەورەی مێژوویان لە ناوچەی نێوئاوان(میزۆپۆتامیا)بینیوە، جێگای گومانە کە ئەم گەلە هیچی بۆ خۆی نەنووسیبێ و بەرهەمەکانی هەر بە زارەکی هێشتبێتەوە. من بۆ خۆم پێم وایە گەلێک ئاسەواری ئەدەبی و کەلتووری کوردی بە هەر هۆ بردراون، توێژەران باسی ۷۰ بەرگ شانامەی کوردی بە چوار زاری کوردی(کەلهۆری، هەورامی، سۆرانی و بادینی) لە ئەوروپا و وڵاتی ئاڵمان دەکەن[1] و هەر وەها ئەڵێن لە شاری قوم و تەنیا لە کتێبخانەی ئایەتوڵلا مەرعەشی ۱۵ دەنووسی دیوانی مەحوی هەیە[2] وەک زانراوە فۆلکلۆر گەلێ لک و پۆی لێ دەبێتەوە و پێویستە توێژەر جەخت لە سەر یەکێکیان

[1]. وت وێژ لە گەڵ د.بیهروز چەمەن ئارا

[2]. وت وێژ لە گەڵ شاعیر کامبیز کەریمی

بکات. ئامانجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوە کۆکردنەوە و دەستەبەندی گۆرانی کار لە کوردستانی ئێرانە. ئەم بەشە وەک پەلێک لە داری فۆلکلۆر سەرنجی کەمتری لە سەر بووە. نەک هەر ئەمە بەڵکوو فۆلکلۆری کوردی بە گشتی دوو دژی گەورەی بووە، یەکەم ئەوەیکە دەوڵەتانی ناوچە مێژوو و ئەدەبی نووسرا و ونەنووسراوی ئەم گەلانەیان پشت گوێ خستووە و خۆیان لی لاداوە و دووهەم ئەوەی کە بەشێک لە رووناکبیرانی کورد، فۆلکلۆریان وەک شتێکی کۆن و سواو بینیوە و پێیان وابووە ئەمە پێویستە بخرێتە چاڵی مێژووە. هەر چەن دەزانین بەشێک لە ئەدەبی مەزنی دونیا ریشەیان لە ئەدبی فۆلکلۆردایە و نموونەی ئەمانە "شانامەی" فیردەوسی لە زمانی فارسی و "مەم و زین" ی "خانی"لە زمانی کوردیدایە. "مایکل چایت"کە تیزی دوکتۆراکەی لە سەر مەم و زین نووسیوە، دەڵێت پێش لەم دەقە نووسراوە، داستانی مەم و زین دەیان جۆر گێرانەوەی دەماودەمی لە ناوچەدا بەردەست بووە. جگە لەمە ئێمە پێمان وایە ئەدەبی فۆلکلۆر بە گشتی، ژێرخانی فەرهەنگی ئێمەیە و کاری گرینگ لەسەر فۆلکلۆر، "لە پێشدا کۆکردنەوە و دواتر خوێندنەوەی زانستیی ئەوانە"(بەحری، ١٣٩٩).

**بەیانی مەسەلە:**

گۆرانی کار بەشێک لە فۆلکلۆرە. فۆلکلۆر بە مانای زانستی گشتیە. ئەم وشەیە "بۆ یەکەم جار لە لایەن ویلیام جیمز لە ١٨٤٦ بە کار هاتووە. پێش لەمە عەتیقە ناسانی ئینگلیسی و زمانناسانی ئەڵمانی چەمکی "عەتیقەی گشتی" یان بۆ ئەم کەلیمە بە کار هێناوە"(فاضلی، ١٣٨٧:١١٩).

فلکلۆر باسێکی قووڵ و بێ پەیە کە رەگ و ریشەی لە مێژوودایە. "لە راستیدا مێژووی فۆلکلۆر بە رادەی مێژووی مرۆڤە"(Propp, 1984). فلکلۆری هەر کۆمەڵگایەک تایبەت بە هەمان کۆمەڵگایە. بۆیە فۆلکلۆر رەنگ و بۆی ناسنامە بە خۆوە دەگرێ و لەم روانگەوە، گرینگی تایبەت پەیدا دەکات. هەر چەن پێویستە بوترێ کە فۆلکلۆر درگای بە سەر ئاڵ و گۆڕدا دانەخراوە و دەگرێ و دەبەخشێ، لە هەمان کاتدا فۆلکلۆر هەمیشە رەندگدانەوەی دونیای دەرەوە نییە و جاری وایە تێکەڵ بە ئەفسانەو خەیاڵ دەبێت، بە جۆرێک باس دەکرێت ئەم زانستە "خاوەنی دوو بەشی روون و شاراوەیە و دوزینەوەی رووی نەپەندی ئەم هۆنەرە کاری زانایانە ئەم بەشەیە"(Bronner ,2017).

"کار" لە باری ماناوە یانی "پیشە"و "کردەوە" و پێی تاریف بە واتای گۆرینی ماددە لە ریگای وزەوە دێت. "کار" لە قوتابخانەی فکری جیاوازدا مانای جیاوازی هەیە، جاری وایە بە مانای فەرهەنگ و جاری وایە بە مانای خولقانی دەسمایە و خزمەت هاتووە(معیدفر، ١٣٧٧: ١٦، توسلی، 1375:١٧). مەبەست لە "گۆرانی کار[1] " ئەو ورتە ورت و سۆسەکردن و ئەو گۆرانیانەیە کە لە کاتی کار و بۆ کار و لە بەر خاتری کار دەوترێن( Gioia, 2006). بە واتایێکی دیکانە مەبەست "ئەو گۆرانیانەی کە وەرزێر و کرێکار و بەننا، مسگەر و ئاشەوان...لە کاتی کار و بە مەبەستی حەسانەوەی لەش و گەشکردنەوی رۆح دەی بێژن"(شارباژێري، ١٩٨٥: ٧١-٧٠).

لە راستیدا ئەم گۆرانیانە گەلێ رەنگاو رەنگ و بەرفراوانن . دەلیلی ئەمە جیاوازی زمان و جوگرافی و جۆری کارە. لە شوێنێک کە دەریا هەیە، گۆرانی ماسیە راو و ماسی فرۆش هەیە، لە جێگایەک کە مەرەزە دەڕوێ، گۆرانی بۆ برنج هەیە و لە شوێنێک بەڕوو دەکوتری، گۆرانی بۆ بەڕوو کوتان(محمدزادە، ١٣٩٦). کە وابوو گۆرانی کار، خەسڵەتی ناوچە و زمان و فەرهەنگ بە خۆوە دەگرێ. هەر چەن توێژەری پیشەکۆنەکانی شاری سنە، کاک فەریدوون حسێنپەنایی(١٣٩٥) دەڵێت ئاسنگەرانی شاری سنە گۆرانی کاریان نەبووە (لە بەر ئەوەی زۆریان سۆفی مەرام بوون) بەلام سادقی هیدایەت، نووسەرەی بە ناوبانگی ئێران وتوویەتی: "هەموو پیشەکان، گۆرانی و وەهم و باوەڕی تایبەت بە خۆیان هەیە"(هدایت، 1334:٤٩).

لێکۆڵینەوە و کۆکردنەوەی گۆرانی کار ئەرکێکی بە پەلە و خێرایە. لە بەر ئەوەی بە هاتنی تیکنۆلۆژی، گەلێک کار و پێشە، چیدی بە هێزی مەچەک و باهۆ بەرهەم نایێن، مەشکە بەرقی جێگەی گاوس و مەشکە تاڵی گرتووتەوە، ئاسیاوی کارەبای، جێگای هارە دەستی، کۆمباین و تراکتۆر جێگای درەو و جووت کردن، هەر بەم مەنتیقە کە کار نەما، گۆرانییەکەیشی نامێنێ.

---

4- Work song

ئەو شوینە کوردی لێ دەژی هەم لە باری مێژووییەوە کەونارە و هەم زۆریش بەرین و بەر بڵاوە، لە چوار وڵات بڵاوەی پێکراوە، لە بەر ئەمانە نووسەر پێی نەکراوە هەموو گۆرانیەکان کار کۆ بکاتەوە. هەر بۆیە بە پێی هەل و مەرجی تایبەتی، کات و ئابووری، ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوە تەنیا کۆکردنەوەی گۆرانی کار لە چەن ناوچەیێکی کوردستانی ئێران بووە. بۆیە دارماڵی ئەم کارە زۆری بە بەرەوە ماوە و رێگای هەیە کەس یان کەسانی دیکە ئیشی لە سەر بکەن.

**رابردووی لێکۆڵینەوە:**

لە راستیدا رابردووی سەرنجدان بە فۆلکلۆر لە دونیادا بۆ هیرۆدۆت دەگەڕێتەوە. ئەم باسە بۆ ماوەیەک پشت گوێخرا و دواتر و بە تایبەت دوای رینیسانس، پەرژان و پردانە سەر فۆلکلۆر لە ئەورووپا پەرەی گرت و گەشایەوە. بالارد لە ساڵی ١٧١١ دەستی کرد بە کۆکردنەوەی گۆرانیەکانی خەڵکی لە فەرانسە، دواتر گۆتفرید هێردر کە ناسیۆنالیستێکی فەرهەنگی ئەڵمانی بوو، سەرنجێکی زۆری دایە فۆلکلۆری ئەڵمانی، لە بەر ئەوەی ئەو زمانی بە کوولەکی رۆحی نەتەوەیی دەزانی و پێی وابوو هەر زمانێک تەنیا دەتوانی رۆحی گەلێ خۆی بگوازێتەوە. لە وڵاتی ئێران لە پێشدا خارجییەکان و دوای شۆڕشی مەشرووتە(١٢٨٥) نووسەرانی ئێرانی بە تایبەت کەسانی وەک سادق هیدایەت سەرنجیاندایە سەر فۆلکلۆر و خەڵک و دەوڵەتیان بۆ کۆکردنەوەی هاندا(جعفری، ١٣٩٩). لە ناوچە کوردییەکان، ئۆسکارمانی نزیکەی ١٠٠ ساڵ پێشتر، (بەحری، ١٣٩٩) گەلی بەیتی ناوچەی موکریانی کۆکردەوە و پێشکەش بە موزەفەردین شای قاجاڕی کرد، دواتر دوکتور قادر فەتاحی قازی و دوکتور عوبەیدوڵلا ئەیوبییان لە زانکۆی تەورێز چەندین کاریان لە سەر بەیت و پەندی پێشینیان کۆکردەوە و بڵاویان کردەوەپرۆفیسۆر عیزەدین مستەفا(١٩٧٠)کتێبێکی بناغەیی لە سەر فۆلکلۆری کوردی نووسی. لەم ساڵانەدا دوکتور ئیسماعیل شەمس(١٣٩٣) کتێبێکی لە سەر فۆلکلۆر و مێژووی کورد نووسی. هاشم سەلیمی و کەهریزی(١٣٨٧) لایەلایەی دایکانی کورد و لەم ساڵانەی دواییدا لە سنە مامۆستا موحەمەد ئەحمەدی(١٤٠٠) لە مەهاباد مامۆستا ئەحمەد بەحری(١٣٩٩) مامۆستا سەلاح پایانیانی(١٣٨١) مامۆستا حەیدەر لوتفی نیا(١٣٩٤)، مەزهەر و ئەوانیتر(١٣٩١) و مامۆستا خالید عەلیزادە(١٣٩٢) لە سەقز بەشێک لە فۆلکلۆری ناوچەیان کۆکردەوە و لە چاپیان دا.

لە سەر گۆرانی کار، کاری تایبەتی نەکراوە، بەڵام لە سەر گۆرانی کوردی بەگشتی کار کراوە. دوکتور موحەمەد موکری(بێ تا) سەلاح پایانیانی() ئوردیخانی جەلیل(١٩٧٧) مامۆستا حەفید(٢٠٠٢) موسەنن(٢٠٠٥) مامۆستا شارباژێڕی() سەفیزادە(١٣٧٥)کازمی (١٣٩٥) و وندلمنت(٢٠١٦) باسی گۆرانی کوردیان کردووە، موحەمەدزادە (١٣٩٦,١٣٩٧) دوو وتاری زانستی لە سەر گۆرانی کاری کوردی لە دوو گۆڤاری زانکۆی تاران و عەلامە چاپ کردووە. رەنگە زۆر کاری گەورەو ومەزن لە باشوور و باکوور کرا بن و ئەمە روونە کاریترێش کراوە کە من نەمدیون وبەر دەستم نە کەوتوون.

ئەو نووسەرانە کە لە سەر ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی کاریان کردووە لەدوای خارجیەکان، کوردەکان بۆ خۆیان بوون، نووسەرانی گەلی بە هێز لووتیان بەم کارەدا نەهێناوە، نووسەرانی کورد زێدەتر کاریان لە سەر پەندی پێشنیان و گۆرانی بە گشتی کردوە. مامۆستا ئەحمەد بەحری کاری کارستانی لە سەر بەیت کردووە و موحەمد ئەحمەدی(١٤٠٠) لە داستان و ئەفسانەی ناوچەی لەیلاخ، بەلام هێما ژانری وەک دوعا و جوێن و شیوەن، کاری کەمی لە سەر کراوە، هەر وەها کار لە سەر فۆلکلۆری پزشکی و تیکنۆلۆژی نەکراوە.

**چوارچیوەی تیۆری:**

گۆرانی کار لە لایەک لە رێگای زمانەوە دەردەکەوێت، بە هۆی فاکتۆری زمان دەبێتە باسێکی کۆمەڵایەتی(جعفری حسنکلو، ١٣٨٦) و لە لایێکەوە بەرهەمێکی کۆمەڵایەتیە، لە بەر ئەوەی لە ناو کۆمەڵ دەوترێ، بۆ کۆمەڵ دەوترێ و لە ناو کۆمەڵدا مانای خۆی دەبەخشێ. گۆرانی کار هەر وەها هاوئاهەنگی و جوانی تێدایە و لەم لاوە دەکەوێتە بەشی هۆنەر و جوانی ناسییەوە، هەر بۆیە دەکرێت هەم لەو تیۆریانە کەڵک وەرگرین کە گۆرانی کار وەک بەرهەمێکی کۆمەڵایەتی چاو لێدەکەن، هەم لەو تیۆریانە سوود وەرگرین کە گۆرانی کار وەک بەرهەمی هۆنەری ئەبینن. ئێمە تیۆرییەکانی ئەم سێ بەشە بە خشکەیی باس دەکەین، هەر چەن کاری ئێمە لێرەدا تەنیا کۆکرنەوە و دەستە بەندی کردنی گۆرانییەکانی کارە و کارمان بە هۆکارو بۆچییەتی بابەتەکە نییە.

1- تیۆرییەکانی فۆلکلۆر کە گۆرانی کاریش دەگرێتەوە
2- تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات
3- تیۆرییەکانی هۆنەر
لە راســـتیدا گەلێک تیۆری بۆ خوێندنەوەی فۆلکلۆری هەیە بەڵام چوار قوتـابخـانە یـان تیۆری گرینـگ بۆ خوێندنەوەی فۆلکلۆر لە ئارادایە(دورســـۆن[1]، ٢٠٠٧). ئێمە لەم بەشەدا بە کورتی باسی ئەم تیۆریانە دەکەین.

**1 . تیۆری مێژوویی_بەراوردی:**

کاری بەراورد کاری لە زۆر بواردا دەکرێ و مەنتیقی گشــتیان دیتنی تۆفیر و وێکچووی دوو بابەتەکەیە. ئەم تیۆرییە زیاتر باســێکی مێژوویی جوگرافیکی ناوچەیێک لە تەک نـاوقەیێکی دیکە بەراوەرد دەکات، ئەم تیۆرییە زیاتر باسی مەسەلە هاوبەشەکان دەکا و گۆڕانکاری و کارتێکری ئەوان لە ســەر یەکتری روون دەکاتەوە. ئەم روانگە هەوڵ دەدات کرۆک و ســـەرچاوەی باســـە هاوبەشەکان بدۆزێتەوە.

**2 . تیۆری نەتەوە خوازانە:**

ئەم روانگەیە، فۆلکلۆر وەک میراتی نەتەوەیی چــاو لێدەکـات. ئەم بیرە دەڵێت ئەوە راســـتە کە فۆلکلۆر باســێکی هاوبەشـــە، بەڵام فۆلکلۆر لە چوار چێوەیێکی جوگرافی جێدەگرێ و باســی جوگرافی باســی خاک و نەتەوەیە. ئەم بۆچوونە دەپەرژێتە ســـەر فۆلکلۆری وڵاتێکی تایبەت و بە شــــێوەی تایبەتی بۆی دەڕوانێت. ئەم روانگە لە هەر وڵاتێک تـایبەتمەنـدی ئەو وڵاتە لە خۆدەگرێ. لەم روانگەیەدا فۆلکلۆر جـاری وایە بۆ جیاکردنەوە و جاری وایە بۆ رزگاری بە کاردێت. ئەم روانگە فۆلکلۆر تێکەڵ بە ئـایـدئۆلۆژی و دەســـەڵات دەکـات و جـاری وایە وەک پـرۆپـاگەنـدا کەڵـکـی لێوەردەگرێـت. لە مێژووی فۆلکلۆردا وڵاتی جیـاواز کەڵکی جیاوازیان لە فۆلکلۆر وەرگرتووە.

**3 . تیۆری مرۆڤناسی:**

چەمکی ســەرەکی زانستی مرۆڤناسـی کەلتوورە. گەلێک مرۆڤناســـی مەزن وەک بواس، مالینۆفســـکی و رۆس بندیکت فۆلکلۆریـان وەک بـابەتی کەلتووری دیوەو و وەک فەرهەنگ خوێندویانەتەوە. مالینۆفســـکی پێی وایە فۆلکلۆر ســوودمەندە(یانی کارایی هەیە) و باسـکام پیی وایە فۆلکلۆر رەنگدانەوەی نەفسـی ژیانە. بە گشـتی ئەم روانگە پێی وایە فۆلکلۆر ســوودی وەک بەیانی ســۆز، تەویری ســیاســی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ناســنامەی فەرهەنگی هەیە.

**4 . تیۆری دەروون شیکاریک:**

لەم روانگەدا فۆلکلۆر خاوەنی دوو بەشـــی ئاشـــکرا و نەپندییە. بە واتـایێکە روونتر فۆلکلۆر لە دوو بەشـــی هوشــیار و ناهوشــیار پێکهاتووە. بە بڕوای دورســن فۆلکلۆر پیشـــاندەری هوشـــیاری و ناهوشـــیاری ئێمەیە(Dorson ,1975:7).

ئەم تیۆرییە لە رۆژگــاری ئەمڕۆدا زیــاتر بە تیۆری سیمبۆلی جنســی[2] ناسـراوە، ئەم بۆچوونە ریشـەی لە تیۆری فرۆیددایە. فرۆید پێی وایە دەروونی مرۆڤ لە سێ بە شی غەریزە، عەقڵ و فەرهەنگ پێکهاتووە. کاری عەقل رێک خســتنی داوای غەریزە لە گەڵ فەرهەنگدایە، غەریزە کە داواکەی لە جێی خۆی و لە کـاتی خۆی جێبەجێ نابێت، دەخزێتە ناهوشـــیارەوە، ئەم حەزە لە بەین ناچێت بەلکوو لە ناهۆشیار خۆی ماتەدەدا و تەنیا لە کاتێک کە عەقڵ بە جۆرێک ســـەرگەرم دەبێ یان ســەری لێدەشـێوی خۆی دەردەخات، ئەو کاتانە بریتین لە خەو دیتن، قسە لە دەم پەڕین، مەستی و هیپنۆتیزم. ئەم تیۆرییە باسی وا بۆ فۆلکلۆر دەگوازرێتەوە کە کاتێ کۆمەڵگا بەری خواستەکانی دەگیرێ دەچێتە ناهوشیاری کۆمەڵگا و لە رێگای فۆلکلۆرە و لە شوێنی خۆی، خۆی وە دەر دەخـات. بە بڕوای دانـدووس(2005,395) لە رێگای فۆلکلۆرەوە کەسێک دەتوانی شتێک بدرکێنێ یان کارێک ئەنجام بدات کە لە ژیانی ئاســـاییدا تابۆ و قەدەغەیە.

**- تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی ئەدەبیات:**

ئەم تیۆریانە دەپەرژێنە ســەر پەیوەندی نێوانی کۆمەڵگا و ئەدەبیــات. بە واتــایێکی روونتر ئەوان پێیــان وایە ئەدەبیــات مــایە و هەوێنــی خـۆی لە کـۆمەڵ وەر دەگرێ.یانی ئەدەبیات سەر بەخۆ نییە. دیارە ئەدەبیاتیش کار لە ســەر کۆمەڵ دەکات. هەر چەن ئەمە قســەی لە ســـەر نییە و ئەم پەیوەنـدییە دوو لایەنەیە بەڵام بە روونی ئەوان ئەدەبیات بە شـــتێکی رووەکی و کاری تاکێک(تاکە کەس) نابینن. ئەمەش بۆ خۆی رابردووی هەیە، مادام دۆســـتاڵ ســـاڵی ١٨٠٠ ســـەرنجی دایە پەیوەنـدی نێوان دامەزراوەی دین و ئەدەبیـات، دواتر هیپۆلیت تین وتی ســێ هۆکاری رەگەز، دەور و بەر و

---

4- Dorson

5-Sexual symbolism

زیاترین کاریگەریان لە سەر ئەدەبیات هەیە، مارکسیستەکان بە پەیرەوی لە مارکس ئەدەبیات لە بەشی سەرخان دادەنێن و ژێر خان بۆ بەشی ئابووری تەرخان دەکەن(عسکری حسنکلو، ١٣٨٦).

ئۆسکار پیتی فەرانسەیی ئەدەبیات وەک کالای ئابووری دەبینێ و باسی بەرهەم هێنان و دابەشکردن و مەسرەفکردن دەکات(اسکارپیت، ١٣٧١). کۆمەڵناسی ئەدەبیات لە درێژەی رەوتی کاری خۆیدا لک و پۆی زیاتری لێ دەبێتەوە و بەڵام سەرتۆپی ئەوان جۆرج لۆکاچ و لۆسین گۆڵدمن ە.

**- تیۆرییەکانی هۆنەر:**

دوکتور ئەمیر حسێن ئاریانپوور کە کۆمەڵناسێکی مارکسیستی ئێرانی بووە و کتێبێکی لە سەر کۆمەڵناسی هۆنەر نووسیوە و باسی سەرچاوەکانی هۆنەر لە روانگەی تیۆرییەوە دەکا و ئێمەش تەنیا ئەمە لێرەدا باس دەکەین:

1. "تیۆری شلیر[1] و ئسپنسر[2]: سەرچاوەی هۆنەر، غەریزەی کایەیە.

2. تیۆری مارشاڵ[3]: هۆنەر بۆ زینەت و سەرنجراکێشی سەری هەڵداوە.

3. تیۆری باڵدووین[4]: سەر چاوەی هۆنەر جۆشی خۆدەرخستنە.

4. تیۆری لانگ فیلد[5]: هۆنەر لە تێکەڵی جۆشی کایەو خۆدەرخستن پێکهاتووە.

5. تیۆری ئەلکساندیر[6]: هۆنەر بەهرەی غەریزەی حەیوانی سازکردنە.

6. تیۆری فرۆید[7]: هۆنەر لە دەغەزی جینسی سەرچاوە دەگرێ.

7. تیۆری مەکداوێل[8]: سەرچاوە هۆنەر هانیی فیتری جۆر بە جۆرە.

8. تیۆری هیرن[9]: هۆنەر لە سەرەتاوە بۆ ئەنجامی نیازی ژیان پێکهاتووە" (آریانپور، 1354: 2).

ئاریان پور جگە لە تیۆری هێرن، ئەوانی تر بە فشە دەزانێ و پێی وایە هۆنەر سەرچاوەی لە ژیاندایەو و سەرچاوەی ژیانیش ئابووریە، بە هەر حاڵ ئەم بۆ چوونە داشکێنەرانەیە و ژیان ئاڵۆزتر لەوەیە کە بە یەک قسە هەمووی لێکبدەیتەوە.

**میتودۆلۆژی(رەوش ناسی):**

ئەم لێکۆڵینەوە لە چوارچیوەی لێکۆڵینەوەی چۆنایەتی جێدەگرێ. لێکۆلینەوەی چۆنایەتی لە بەرانبەر لێکۆڵینەوەی چەندایەتی جێ دەگرێ، لە کاتێکدا لە چەندایەتیدا توێژەر بە دوای رەقەم وعەدەد دا دەگەڕێ، لە چۆنایەتی بە دوای مانا و بایەخ و وشەدا دەخولێتەوە(محمدپور، ١٣٩٥، حریری، ١٣٩١). ئەوەی کە ئێمە کام بەش بۆ لێکۆڵینەوە هەڵبژێرێن بەسراوە بە پرسیاری لێکۆڵینەوەیە. کۆمەڵگای لێکۆلینەوە بۆ کاری مەیدانی بۆ کۆکردنەوەی گۆرانییەکانی کار، زیاتر پاریزگای کوردستانی ئێران دەگرێتەوە بەڵام هەندێ سەرچاوە دەپشکێندری بۆ ئەوەی هەندێ کاری پرژ و بڵاو بخرێتەوە سەر گرد و کۆی ئەم خەرمانە. دیارە ئەم سەرچاوانە هەندێکیان لە باشوور کار کراون و بە گۆرانیی ئەوێ رەنگین کراون و هەندێکیان هیی پارێزگاکانی تری کوردستانی ئێرانن. بە گشتی شێوەی کۆکردنەوەی زانیاری ئەم لێکۆڵینەوە سێ جۆر بووە:

1- لە بەشی یەکەمدا وت وێژ لە گەڵ ئەو کەسانە کراوە کە گۆرانی کار دەزانن و ئامادەن بوون بۆ ئەم کارە هاوکاریمان بکەن. جگە لە ئامادەگی بۆ هاوکاری لە باری ئەخلاقی لێکۆڵینەوە پێویست بوو ئیزنیان لی وەرگرین کە ئایا بۆمان هەیە زەبتی کەین یا نا! بۆ ئەم مەبەستە گەلێ ناوچەی کوردستانی ئێران گەڕاین (کامیاران، مووچش، دیواندەرە، سەقز) و لە گەڵ ئەو ژن و پیاوانە قسەمان کرد کە گۆرانی کاریان دەزانی. هەندێک هاوکاریان کرد و بەشێک نەیانکرد. دەستەیێکیان ئیزنیاندا دەنگیان بگوازینەوە و هەندێ نە یان هێشت. ئەوانە کە نەیان هێشت ئێمە دەقی گۆرانیەکانمان لای خۆیان نووسی.

1- ئەو کتیبانە کە باسی گۆرانی بە گشتی و گۆرانی کاریان بە تایبەتی کرد بوو، گەر شتێکمان گیر کەوت، قۆستمانەوە و کۆمانکردەوە. ئەم کتێبانە زیاتر باسی داب و نەریتی بە گشتی بوون کتێبی تاقانەمان و تایبەتیمان لە سەر گۆرانی کار دەست نەکەوت.

---

6- Schiller
7- Spencer
8- Marshall
9- Baldwin
10- Langfeld
11- Alexander
12- freud
13- mcDougal
14- Hirn

2- هەندێ گۆرانی کارمان لە شـــریت(نەوار، کاســـێت) دابەزاند، بۆ نموونە دوو گۆرانی "مەشکەژەندن" و "یاڵڵا شۆفیر" لە دوو مامۆستای بلیمەت فۆلکلۆری و گۆرانی "رەسووڵ نادری" و "مامۆستا زیرەک" وەرگرتووە.

دوای کۆکردنەوەی ئەو گۆرانییانە کە بە دەنگ تۆمارمان کردبوون، سەرلەبەر هەموومان نووسین، دواتر لە بەر یەکمان دانان و لە سەر ئەساسی رەوتی پێشوەچوونی کۆمەڵگا بە سەر چەند تەوەردا دامان بەشین.

**لێکدانەوەی بابەت:**

دوای ئەوەی گۆرانییەکانمان کۆ کردەوە، ئەوانمان لە چەن دەستەی سەرەکی و لاوەکیدا دابەشکرد، لە بەر ئەوەی هێنانی وردەکارییەکان لەم وتارەدا جێگای بەرتەسکە، لێرەدا ئاکامی کارەکە بە گشتی دەخەینە روو و لە هەر کام لە گۆرانییەکان وێنە دێنینەوە. بۆ وێنە یان نموونەی گۆرانیەکان، جاری وابووە ئێمە تەنیا یەک دەقمان لە بەر دەستدا بووە و جاری وایە چەن دانە، لەو کاتانە کە چەن نموونە کارمان لە بەر دەست بوون ئەم تەویرەمان کرد، گەر دەقەکان لە یەک چوون یەک نوسخەمان دانا و گەر جیاواز بوون چەن نوسخە، جاری وابوو زاراوەو و وەزنی یەک گۆرانی لە دوو ناوچە زۆر لە یەکتری جیاواز بوون، هەر بۆیە لە دوو جۆرمان دانان. بە کورتی گۆرانییەکانی کارمان بە سەر چەن بەشی سەرەکی و لاوەکیدا دابەشکرد و ئەو گۆرانیانە کە لە ژێر چەتری ئەو چەن جۆرە سەرەکییە جێگایان نەبووە لە دەستەی پرژ وبڵاو ریزمان کردن.

**1- گۆرانی راو:**

رۆونە لە کوردستان وەک هەر شوێنێکی دیکە، ئێمە یەک جۆر راومان نییە و هەر بەم پێیە چەندین جۆر گۆرانی راومان بۆ راوی جیاجیا هەیە، بەڵام دەسکەوتی ئێمە لەم بەشە هێند فرە نەبوون کە ئەوانیش بکەینە چەند دەستەوە، بۆیە هەموومان لەژێر سەر دێرێی گۆرانی راو ریز کردن.

**2- گۆرانی وەرزێری: کە خۆیان بۆ حەوت جۆری لاوەکی دابەش دەبن:**

2-1- گۆرانی گیا چنین
2-2-گۆرانی زەوی کێڵان(جووت کردن)
2-3-گۆرانی درەو
2-4-گۆرنی کچان بۆ پیاوانی دروێنەکار
2-5-گۆرانی هارە دەستی
2-6- گۆرانی هۆلە(خەرمان کوتان)
2-7- گۆرانی گیا هەڵورین(بە داس)

**3- گۆرانی ئاژەڵداری و شیرەمەنی کە ئەمەش بە هۆی بەر بڵاوی بۆ هەشت بەش رێکخرا:**

3-1-گۆرانی شوانی
3-2-گۆرانی هەوار
3-3- گۆرانی شیردۆشین
3-4- گۆرانی بێری
3-5- گۆرانی ماس فرۆش
3-6- گۆرانی مەشکە
3-8. گۆرانی دۆینە
3-8- گۆرانی ئازاڵە(کچانە)

4- گۆرانی پێش پیشەسازی(مۆدێرن)
5- .گۆرانی پرژ و بڵاو

لە بەر ئەوەی باسکردن و میناک هێنانەوە بۆ هەموو گۆرانییەکان لە وتارێکدا جێگای نابێتەوە هەوڵ ئەدین لە هەر جۆر گۆرانی یەک تا چەن نموونە بهێنینەوە. جاری وایە گۆرانییێکی وەک راو چەند جۆری هەیە و هەندێ لە گۆرانییەکان چەندین بەیتن، بۆیە بە پێی مەنتیقی هەر کامیان نموونەیان دەخەینە بەردەست.

**5- گۆرانی راو:**

راو لە ناوچە کوردنشینەکان زۆر بەر بڵاوە، ئەم راوە جاری وایە لە بەر سەرچاوەی ژیانە، واتە راو بۆ بژێوی ژیانی رۆژانە دەکەن و جاری وایە راو لە بەر کایەو و راوراوێنە، هەندێکی بۆ خواردنە و هەندێکی بۆ پێست و خوێن نەچیر، راو هەندێ جار تەنیا بۆ کوشتن و لە نێوبردنی ئاژەڵە. یانی ئێمە لە راوە بەرازەوە راومان هەیە تا راوە دووپشک، راوی دەڵەک و رێوی بۆ پێستەکەی، راوی کەڵە کێوی بۆ گۆشت و شاخەکانی، راوی بەراز بۆ خۆشی و جاری وایە لە بەر ئەوەی خەڵکی بەرازیان لە لا مزێرە. ڕاو جاری وایە بە کۆلارە و سەوتەیە و جاری وایە بە داوو و هەندێ جار راو بە تفەنگە و جاری وایە بە ژار، هەندێ جار ئەمە بە سەگ و تانجی دەکرێ و هەموویان پاشگری راویان لە سەرە و ئەم ناوانە لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیش بە کار دێت، وەک سەگە راو، خووە راو، لە بەر ئەوەی جۆری راو حەیوان جۆراو جۆرە، جاری وایە ئەم کارە بە بێدەنگی دەکرێ و جاری وایە بە هەرا هوریا، جاری وایە گۆرانی لە گەڵدایە، بۆ وێنە:

*ڕاوچییان ڕاوە، ئەی چ ڕاوە؟*
*ئەسپان زین کەن ئەی لەغاوە*
*ڕاوچییان ڕاوە، ئەی چ ڕاوە؟*
*سەر ڕاو زۆر چاک بڕوانە*
*ڕاوچییان ڕاوە، ئەی چ ڕاوە؟*
*ئەسپان زین کەن ئەی لەغاوە*
*بۆم بانگ کەنە بەراوێ*
*ڕاوچییان ڕاوە ئەی چ ڕاوێ؟*
*ئەسپان زین کەن (ئەی) لەغاوە*
*ئەی وەرن سەیری تانجییان کەن*

*ڕاوە لە دەشتی «لاجان»ێ*
*تانجییان بەرنە سەر لانێ*
*ئەی نۆبە ڕاوی دەشتێیە*
*ئەی ئەوە دانی شەوێیە*
*ئەی ڕاو لە دەشتی «بیتوێن»ێ*
*ئەی تانجییان بەرنە سەر شوێنێ*
*ئەی لە لانی هەڵبستێنێ*
*ئەی ڕاو گەیشتە پارزینێ*
*ئەی خۆ باوێنە سەر زینێ*
*ئەی لەگەڵ کەروێشکە شێنێ*

ئەم گۆرانییە باسی راوە کەروێشک بە تانجییە، دیارە راوچی یان بە سواری ئەسپ راو دەکەن، ئەم نیشان دەدا کە راو لە زستان نییە. دیسان دەزانین کەروێشک دووی جۆری کەوە و سوورەی هەیە، راو، سەر راو و پاڕاوی هەیە و تەماڵ و تانجی و مەرەز و بەزم و رەزمی خۆی هەیە.

*کەروێشک لە لانێدایە*
*بەر ڕاو هەڵیبستێنە*
*جا با ڕاومان بەتاڵ کەین*

*ئەی کەوتووە بە بێدەنگی*
*ئەی با شەقەی دە ئاوزەنگی*
*ئەی بەرزین کەوتە درەنگی*

(حفيد، 56:2002)

ئێمە سەرنج دەدین کە بە گۆڕینی جۆری راو، جۆری جوگرافی و رەنگە زاراوەش ریتم و کێشی شێعرەکان دەگۆڕێن، لە حاڵێکدا گۆرانی پێشوو باسی زیاتر لە سەر راو و رابواردنە و باسی دوو دەشتی لاجان و بیتوێن دەکات، دەقی خوارەوە باس دێنێتە باسی ئاشقی، ناوی کچ دێنی، باسی رەشە راو دەکات، دواتر باسی راوە قورینگی لە دەشتی هەوەتوو دەکات و بۆی بە پەژارە دەبێت،

*هەی ڕاوە، ڕاوە، ڕاوە*
*هەسپان زین و لەغاو کەن*
*برینانم تیمار کەن*

*ڕاو لە بنی پردێیە*
*تاژی ناوی «سوورمێ»یە*
*بە دەستی یار «عەیشێ»یە*

*هەی ڕاوە، ڕاوە، ڕاوە*
*هەسپان زین و لەغاو کەن*
*برینانم تیمار کەن*

*ڕاوکەران ڕەشە ڕاوە*
*تاژیان بەردەنە کارێ*
*بە دەست ناسک و نازدارێ*

*بۆ لای ماڵی یارێ چووم*
*بە دەستی موبارەکی*
*بە گفتێکی زۆر شیرین*
*لە گەردنی بە خاڵت*

*لە محاڵی نیوەشەوێ*
*هەڵم ئەستاند لە خەوێ*
*دەیگوت لاوە چیت دەوێ*
*چاوڕەش، دوو ماچم دەوێ*

*هەی ڕاوە، ڕاوە، ڕاوە*
*چاوم بە قورینگێکی کەوت*
*تفەنگەکەم وەگرتێ*

*ڕاوە لە چەم و ڕووبارێ*
*لە دەشتەکەی «هەوتوو»ی*
*دەمدا لە گوێ و گوارێ*

*گـریـانـم هـات بە هەوەســـت    فـرمـێســـکـم هـاتە خــواری*
*وەک جـــۆگەلەی لە بـــانـــان    وەک ڕووبــــاری بەهـــــاری*

**5- گۆرانی وەرزێری: کە خۆیـان بۆ حەوت جۆری لاوەکی دابەش دەبن**

**2-1-گۆرانی گیا چنین:**

کوردســـتان ناوچەی زۆزان و گەرمێنی بەر فراوانی هەیە، کانی ســارد و تافی بەرز و و روباری بە خوڕ و گۆمی مەنـدێ تێدایە، لێواری چۆم و جۆگەڵە، نواڵەی کویســـتان و تاقجانەی هەڵمووت، گوڵ و گژ و گیای زۆری لێ دەڕوێن، ئەم ڕووەکانە بۆ عەتر و بۆ دەرمان و بۆ خواردن دەشێن و بۆیە گیاچنین دەبێتە کسمێک و ژنان و کچان بە تایبەت لە وەرزی بەهار و سەوزەڵانیدا بە پاچ و بێلەوکان، بۆی دەچن و دەســـکەنەی دەکەن. جاری وایە گۆرانی دەڵێن و هەندێ کەڕەت گۆرانی یان پیا هەڵدەدەن.

دیدەم سـۆسـەنخاڵ، کەوە مەپۆشــە    بلـمـێ ســـەدەرە، چـنـمـێ وەنەوشـــە
وەنەوشــــەی وەشــــبۆ جە باخانی نۆ    ئـاویش وەشبۆیەن، چون زوڵفەکەی تۆ
بۆی حـل، بۆی مێخەک، مەیۆ دامـانـت    پەی کێت دان تەرتیب خاڵ و ســـامانت؟
خـاڵێ جە تۆم دی، یەکێ جە تـاران    یەک جە گوڵســـۆســـەن، جە لا نســـارا

(م، روار، 1395)

ئێمە گەر ســـەرەنج بدەی ئەبینین ئەم گۆرانیانە هەندێ نیشـــانەی تایبەتیان تێدایە، بۆ وێنە لە دەورانی قەدیما خەڵک لە باتی جلی رەش، کەوەیان پۆشـــیوە. کەوە یا شـــین (وەک گۆرانی وەک قومری ســـەر باڵم شـــینە) نیشانەی خەمینی و ماتەمینی بوو و ئیستا باوی نەماوە و ئەمە نەریتێکمان بۆ زیندوو دەکاتەوە. گۆرانی دواتر ناوی هەندێ لە گوڵەکانی بەهاری ریز دەکات.

ئەوەڵ بە ڕەزا بەرمەیـــۆ جە خـــــار    وێـش کەردەن جـاســـــووس گـوڵانـی بەهـــار
دووهەم وەنەوشـــــە گەردەن چەمـــیـــدە    نـــازاران پــــێــــکـــان وە بــــانــــی دیــــدە
ســـــێـهەم گـوڵنەورۆز ســــەر هـۆرمەدارۆ    چەنـــی گـــرد گـــوڵـــێـــو وەشــــــی مەویــارۆ
چـوارەم ســــپـــیگـوڵ بەرمەیـۆ جە بـووم    جە تـــێـــغـــی تـــۆفـــان زایـــفە و زەبـــوون
گـوڵســــۆســــەن مـاچـۆ یـاگـیـم نســــارا    مەر وەخــــتــــێ بەربەو ئەوەڵ وەهـــــارا
ســــــووره لە لای وات نـامـم مەنشـــــوورا    واردەنـــیــــم وەرواو، هـــامســــــام چـــنـــوورا
دارپەمەیـــی وات ئەی گـــوڵە شــــــێــتـــا    دا وەس بـــدەیـــدەی تـــاریـــفـــی وێـــتـــا
وەهــارێ مەیـــۆ بـــیـــدی ســــــوور و زەرد    هـــامـــنـــی مەیـــۆ بـــیـــدی تـــۆز و گەرد
نەخــتـــی جە ڕیـــحـــان زمـــانـــم لاڵە    بـــــاقـــــی گـــــوڵەکـــــان جە لام بەتـــــاڵە

**2-2-گۆرانی زەوی کێڵان(جووت کردن):**

زەوی پێش هـاتنی تراکتۆر بە پـاچ، بە پـاوێـڵ(پـابێـڵ)، تەنانەت بە حەیوانی وەک کەر و زیاتر بە گا دەکێڵدرا، گـا نیشــــانەی دارایی و دەوڵەمەنـدی بوو بۆیە وەک هێمایەکی چیناتی و تا رادیەک زەوین داریی لە بەر چاو بوو، جووت بەندە رێک بە مانی خاوەنداری زەویە و دیارە کەســـێک زەوی نەبێت گایشــی نییە، بۆیە زەوی کێڵان نیشــــانەی هیوای ژیانە و ئەمە لە رێگای گاوە دەســـتەبەر دەبێت، بۆیە زۆر گۆرانی جووت و کێڵان، باسی گای تێدایە و رەنگە ناو و رەنگی گایەکان.

لە هاهای گاجووت تۆزی بن خەرمان    مـــاچـــی لەیـــلەکەم بـــووە بە دەرمـــان
هۆ کاکی جووتیار! جووتت کە بەتاڵ    تەرزە ئەبـارێ بـا بـچـینەو بۆ مـاڵ

هۆ کاکی جووتیار! ڕێگا نازانم     ڕێم پێ نیشان دە، قەزات لە گیانم
هۆ کاکی جووتیار! جووتت بە گا بێت     تووەکەت ڕازیانە، خەرمانت گوڵ بێت

**2-3-گۆرانی درەو:**

درەو خاڵێکی گەورەی ژیانی وەرزێریە، دیارە درەو زیاتر بۆ دروێنەی گەنم و جۆ بە کار دەبرێ، گەنم و جۆ هۆی بژێوی ماڵ و ژیان بوونە، لە بەر ئەوەی جۆ باڵای نزمتر بوو دروێنەی سەخت تر بووە، بە تایبەت گەر ئەو جۆیە کڕاڵ بووبێت. درووەی جۆ پێش گەنم دەکرا و هۆی ئەمە سروشتی بوو چونکە جۆ زووتر پێدەگەیشت، بەڵام خۆشی درەوان و بنەماڵە ئەو ڕۆژە بوو کە درەوی گەنم تەواو ئە بوو، ئەو ڕۆژە کە دروی گەنم تەواو ئەبوو، کار تەعتیل دەکرا و جەژن دەگیرا، بە جۆرێک سپاسگوازاری بوو کە خەڵەی ئەو ساڵ دابین بووە،

گەنم گەرەجۆ پشتم ژان ئەکا     ئیزراییل هاتگە و داوای گیان ئەکا
گەنم گوڵی کرد، جۆ دوورایەوە     قەوڵی من و تۆ هەر نەبڕایەوە
دوو کەو لە قەفەس گفتوگۆیانە     ئەوانیش مەیلی من و تۆیانە
ئەوا مانگ هەڵات دای لە لێفەکەت     خۆ من هاوسێت نیم بگرم سێفەکەت

**2-4-گۆرنی کچان بۆ پیاوانی دروێنەکار:**

ئەمە لە زۆر جێ بینراوە کاتێ پیاو بۆ کار چووە ژنان گۆرانیان بۆ خۆیان و منداڵەکانیان وتووە، ئەمە جارێ وابووە کە ژنانی ماسی گیر بۆ ئەو پیاوانەیان وتووە کە چوونەتە قووڵایی دەریاوە و جگە لە مەترسی ژیان، بۆی بووە کە ماسییان بۆ نەگیرێ، لە کوردستان ژنان بژێویان لە گەنم و ئەویش لە ڕێگای درەو و پیاوەوە دابین بووە بۆیە گۆرانیان بۆ وتووە.

دەسکی داسەکەت ئەگرم لە ئاوێز     دروێنەی پێ بکەی لە دێمی «کاریز»
دەسکی داسەکەت ئەگرم لە لۆکە     دروێنەی پێ بکە لە جارە جۆکە
ڕێگەی مووچەکەت ئەگرم لە باوەش     لەبەر جوانییەکەت دەبم بە چاوەش
ئەمبەرم شاخە، ئەوبەرم شاخە     کراسم بۆ بکە لە گوڵی ئەو باخە
تۆ بۆ من چاکی، من بۆ تۆ چاکم     تۆم خۆشتر ئەوێ، زیاتر لە کاکم
ڕانک و چۆخەکەت بۆری مسقاڵی     بێنە بۆت بشۆم بێ ژن و منداڵی

(پایانیانی، ١٣٨١)

**2-5-گۆرانی هارە دەستی:**

هارە دەستی لە دوو بەردی پێک هاتووە، یەکیان کپ(جێگیر) و وەستاوەو و ئەوی تریان بە هێزی دەست دەگەڕێ، هارەی بگەڕ دەسکی داری هەیە و کابان بە دەستێکی دانەوێڵە لە چاڵی هارە دەکا و بە دەستەکەی تری هارە دەسووڕێنێ، بە سووڕانی هارە گەنم و نۆک و کونجی دەهاردرێن و بۆ خواردنی جۆر بر جۆر وەک دانە بریشکە و نەخۆشەر و قاوێت بە کار دێن. هارە دەستی زیاتر کاری ژنان و کچان بوو و هەندێ کەڕەت کوڕ و پیاوی ماڵ ئەم کارەیان وەک یاریدەری دەکرد. دیارە ئەمە کارێک بوو تاقەت بەر، بۆیە ژنان و کچان بە بەریەوە گۆرانیان دەوت. ئەم گۆرانیانە ناوەرۆکی بگۆڕیان بوو و لە هەندێکیاندا بۆی ڕەخنەو گلەیی لە پیاو و برا و کۆمەڵگای دەهات.

هەی ناکەم، ناکەم، براکەم شوو ناکەم     ئەو پیاوە پیرە، مێردی پێ ناکەم
تۆ بۆ من چاکی و من بۆ تۆ چاکم     تۆم خۆشتر ئەوێ لە چاوی کاکم
خۆزگە ئەو مارە بیگەستمایە     بە پیاوی ناحەز شووم نەکردایە
پشتێن بوومایە، قەفقەف لە پشتت     خوێنم حەڵاڵە، هاتوو گەر ڕشتت
لە خۆت دەرمەچۆ، مەڵێ من جوانم     تۆ کوڕە شازادەی، من کچە شوانم

**2-6-گۆرانی هۆڵە(خەرمان کوتان):**

خەرمان لە دێ بۆ کوتانی نۆک و گەنم و جۆ دەگیرا، گەر بەرهەم کەم بووایێت ئەم کارە بە کوتەک و داردەس و گەر زیاتر بوایە بە گاگێرە و سەرپەڕ و بنە دەکرا و کارێکی توزاوی، ئاڵۆشاوی و ناخۆش بوو، کاری کوتان زۆری دەخایاند، دەبا کڵۆشیان وەرد کردبا تا بە باشی کا و دان لە یەک جیا ببنەوە، ئەمەش گۆرانییێکی خۆی دەخوازی:

هەی شیرین و سەوزە هەر خۆت یارمی
شەمامێ خاسە کوڕ بیگرێ وە دەس
هەی سەوزە سەوزە، سەوزەکەی ماڵەکەم
کزەکزەتە خۆی نیا بە یاڵەو
با سەر بنمە بان نەرمی ڕانەکەی

هەر خۆت یارەکەی وەی وەی وەی سەوزە
های نە وەک گرکەتاڵ لە کول ماڵێک هەس
چاوم تێ بوڕە با خەفەت نەخوەم
خۆی نیا بە کزەی باکەی شەماڵەو
با گیانم دەرچێ بەر لە گیانە

(اسماعیلی، ١٣٩٢)

-

**2-7گۆرانی گیا هەڵوڕین(بە داس):**

جاری وا بوو گیای وەک لۆ و کەما بە دەس هەڵدەکەنیا و جاری وابوو بە داس هەڵیان دەبڕی، هەندێ جار قنلاشک لە هەرد کۆ دەکرانەوە و ئەم کارە بە کڕوکاش بە ناو بانگ بوو، کڕوکاش کاری خەڵکی هەژار و بێ جاڕ و مێرگ بوون و بە خۆڕایی لە شوێنێکی گشتی ئەم کارەیان دەکرد.

کۆنە هەواران ئاوەکەی جاری
ئەی لەیلی لەیلی، لەیلم بێ ڕێوە
قەڵای مەریوان پاڵم دا پێوە
ئەچمە ئەو کێوە بۆ هەروێنەی لوو

دڵەکەم بۆ دڵەکەت بۆ یادگاری
ماڵمان باری کرد لای ماڵی ئێوە
قەڵاکەم ڕمیا پاڵ بەم بە کوێوە؟
تەعام هیچ ناکەم بۆ چاییەکەی تۆ

**5- گۆرانی ئاژەڵداری و شیرەمەنی کە ئەمەش بە هۆی بەر بڵاوی بۆ هەشت بەش ڕێکخرا:**

**3-1-گۆرانی شوانی:**

شوان لە دێ دوو سێ جۆری بوو. جارێ بۆ مەڕ و گاوگوێر و جاری وابوو لە بۆ بەرخەل دەگیرا. شوان جگە لە گۆجان وچارۆکە نان، دواشوان و نۆرەییشی لە گەڵ بوو، شوانیی دوو جۆری وەرزی بەهارە و زستانەی بوو و جاری وابوو ئەم دووە پێکەوە دەکرا. شوان زیاتر پیاو و کوڕە جاهێڵ بوو و وەکوو شەرت و بەین جگە لە پووڵ، نان و خوری و هەندێ جار شەغرەییێک گیایی لە گەورە ماڵان دەسەند. شوان جاری وابوو بۆ هەموو دێی دەگیرا و جاری وابوو شوانی ماڵێکی تایبەتی یانی شوانی ماڵە دەوڵەمەندێ بوو، شەرتی شوان لە گەڵ ئەم ماڵانە هەندێ ساڵ حەوت ساڵ بوو، لە بەر ئەوەی ساحێو ماڵ پارەی نەبوو، یان شەڕ و گێچەڵی دەکرد و بە شوانی دەوت کچ یا خوشکی خۆمت دەدەمێ و نەی دەدا.

ئاوەکەی «زەڵم» ئەڕژێتە «سیروان»
چاو و ڕوومەت جوان! برۆ قەیتانی!
ئەمبەرم شاخە، ئەوبەرم شاخە
شوانە چکۆلەکەی چاو نە چەرخەوە
چەن جەفام کێشا، چەن خاکەساری؟

نەحلەت لەو باوکە کچ نادا بە شوان
من ئەچم بۆ جووت، تۆ بچۆ بۆ کانی
کراست بۆ ئەکەم لە گوڵی ئەو باخە
چۆن تاقەت ئەگری وە لای بەرخەوە؟
بوومە شوانەکەی حەقنادیاری

چەن ساڵ شوان بووم بە هەردانەوە — تۆخی پێم ڕۆیی بە بەردانەوە
شوان بە هەیهەی، مەڕ بێ شارەزا — سەر ڕیگەیان گرت جووتێ ئامۆزا
جوان دانیشتن وە لای پیرەوە — ئێژی کۆترە وە زنجیرەوە
شوانە، هۆ شوانە، شوانێی ڕەنجەڕۆ — بستێ منداڵ بووم قەولم دا بە تۆ
شوان بە هەیهەی، مەڕ بە کۆڕەوە — لەنجە ها وە لای پەلکەشۆڕەوە

### 3-2-گۆرانی هەوار

ئەم گۆرانییە لەو شوێنانە دەخوێندری کە لە بەهارو و هاویندا مەر و بزن دەبەنە هەوار، ئەم بۆ خۆی لە چوار چێوەی کار و باری مەڕداری دروست دەبێ، لە بەر ئەوەی لەم کۆچەڵ کۆچەدا هەموو خەڵک بار ناکەن و شوێنی دیاریکراواین هەیە. بۆیە خەڵک لە یەک دادەبڕێن، چون هەم هەوارەکان وەک دێ لە پەنای یەک نین و هەمتریش بڕێک لە خەڵک لە دێ دەمێننەوە و هەندێ بۆ هەوار دەچن، ئەم هەوارچوون و هاتنە خوارە، داستان و گۆرانی خۆی لێدەکەوێتەوە.

ئای هەوار هەوار، دۆس هەوارنشین — لایێ کەرەوە بە دڵی حەزین
کۆچکەردەی یاران خەیلێ ستەما — نە ئێشی دانەن، نە گلی چەما
دەوار هۆرش دان پا نیو خاڵی — هەر من مەنەنا هەواری هاڵی
وەش نیا هەوار بیەن تۆز و گەرد — بۆری سەردەرە خەزان بیەن زەرد

(م، روار، ١٣٩٥)

### 3-3-گۆرانی شیردۆشین:

ئەم گۆرانییە کچان و زیاتر لە کاتی دۆشینی مانگا و مەڕدا دەیانوت، باسی ئەم گۆرانییە لە پەسنی حەیوانەوە دەستی پێ ئەکرد و جاری وابوو بە گلەیی لە ماڵ وپیاو و رۆژگار تەواو دەبوو. ژنان پییان وا بوو هەندێ ئاژەڵ شیر ئەدزن و بە قەوڵێ شیردانادەن و پیویستە بە گۆرانیی شیریان پێ دابەیت، ئەم گۆرانیە بۆ مەر و زیاتر بۆ مانگا دەوترا.

مانگاکەم لە کوێستانی
شیر و دۆی بۆ کابانی
پشت ڕەش و ناوچاو شینە
مانگام مانگای هەژاران
بەدوور بێ لە ئەغیاران
بنەی ماڵ و حاڵەکەمی
شیری سەر ئاورگەکەمی
مانگا زەرد دەگرێ سەرچڵی داران
بە خێر بێتەوە ئەورۆ لە گاڕان

خواردوویە ئاوی کانی
مانگام مانگای نەخشینە
قوربانی بێ «هەمین»ە
شیر دەفرۆشن لە شاران
نەنێ، نەنێ، مانگا کاڵەکەمی
ڕۆنی زەنگ بۆ کورەکەمی
بۆیە پێمخۆشە کەژی بەهاران
مانگا شێتەکەم کەوتە ئێواران

(پایانیانی، ١٣٨١)

### 3-4- گۆرانی بێری:

ئەو کچانە کە دەچوونە مەڕ دۆشین بە بێری ناو بانگیان دەرکرد بوو، ئەم بێریانە دڵخوازی شوان و کوڕ و کالان بوون و زۆریان پیا هەڵکوتوون. یەک لەو شتانەی کە لێرەدا باسکردنی بێ خێر نییە ئەوەیە کە کاتێک شیری بێریەک کەم بوو دەیبەخشیەوە و ئەم کارە بە نۆبە دەکرا، بەو شیر بەخشینە خێری دەوترا، وەک لە گۆرانیدا بیستووتانە "ئەمڕۆ نۆبە خێریە..."

لەبەر بێری نێو «زەرزا»یە     سینگیان کارگی نێو کەمایە
خەمی خۆم نیٚ خەمی تۆمە     خەمبارم ڕەنجەڕۆمە
لە دووریت «سیبەڕۆ»مە     کچە جوانیٚ مەیەرۆ
لەبەر بێری ڕانەمەڕیٚ     شلشل دەڕۆن بۆ لاپەڕیٚ
خەمی خۆم نیٚ خەمی تۆمە     خەمبارم ڕەنجەڕۆمە
ئەڵیٚ هەتیو خەم مەخۆ     خەوم دیوە و هی تۆمە

(محمدحسن، ۱۹۸۳: ۱۲۲)

شەنگەبێری لە ناو مەڕی     هەڵدەکا باسک بادار و سپی و تەڕی
دادەنیشیٚ لەبەر بێری     یەکیەک مەڕی خۆی دەژمێری
غەریب ماوم لەناوتانا     بۆی مێخەک دیٚ بە کامتانا؟
گوارەی ئاڵتوون بە گوێی شۆڕە     تۆ خوا کچیٚ خۆت مەگۆڕە
فەسڵیٚ دەمبەن و دەمنێژن     قەبرم بە گوڵان داڕێژن

## 3-5- گۆرانی ماس فرۆش:

هەندیٚ شارو دیٚ لە کوردستان بوون کە مەیدانی ماست و دۆیان بوو، بۆ وێنە لە شاری سەقز مەیدانی بەو ناوە ئیستاش هەر هەیە. ژنانی دێهاتی دەورو بەر، بەیانی زوو ماستیان دێنا بۆ شار و دەیان فرۆشت، ئەمە بۆ خۆی کارێک بوو، ئەمانە لە بەر ئەوەی ئازا بوون و بەرچاوی، جوان چاک و دڵ پاکیان تێدا هەڵئەکەوت کە خەلکی گۆرانیان بۆ دەوتن.

ئەو دەمەت بێنە، بینیٚ ناو دەمم
دەبا ساکن بیٚ ئەو دڵەی پڕ غەمم

***

ئەو چاوە بازە (ڕاستت) بۆ ئەوەندە
خۆزگەم بەو کەسەی دراوسێتانە
لە بۆنی عەترت مەست و حەیرانە

***

ماستفرۆشەکەی ڕێگای عەلیئاباد
ئەوەندە شیرینە بە وێنەی نەبات
ئەو دڵەم شێتە لە دووری باڵات

***

ماستفرۆشەکەی ڕێگای میراوا
ئەمنی شێت کردووە بەو جووتە چاوە
تۆ مەرگی کاکەت جاریٚ بەر کە بەم لاوە
لە تاوی باڵات هۆشم نەماوە

***

سەرەڕیٚ دەگرم بەو دەلیلەوە
ئەحواڵ دەپرسم بەو زەلیلەوە

ئەگەر تۆراوی ئاشت دەبینەوە

***

ماستفرۆشەکەی خیابانی کۆنە
خۆی دەلەنگێنێ هەروەکوو سۆنە
من بۆی نەخۆشم قەت نالێ چۆنە
هەروەک ڕێحانە دایمە بە بۆنە

***

ماستفرۆشەکەی ڕێگاکەی کۆستە
ئەمنی شێت کردووە بەو چاوە مەستە
مەمکەکەی خڕ کرد هەر پڕ بە دەستە

***

ماستفرۆشەکەی ڕێگای حەسارە
ئەو بەژنە جوانەی دەڵێی خەڵفە چنارە
ئەو جووتە مەمکەی دەڵێی هەنارە
خۆشە ماچی کەم فێنکی ئێوارە

***

ماستفرۆشەکەی ڕێگای کولتەپە
ئەو جووتە مەمکەی وەکوو زەردە بە
بمدەرێ ماچی مەردی ئەڵڵا بە (خودا بە)

***

ماستفرۆشەکەی شارەکەی بۆکان
بەژن و باڵا ڕێک جووتێ چاوی جوان
بۆچی دەمکوژی کافرەی بێئیمان؟
چەندەم پێ خۆشە لێم بێ بە میوان

(کاک عابید فیرۆزی لە شاری سەقز(١٣٩٥) بۆی هێنام)

ئەوان کەوتووتە دەمی پیاوان و ئەوانیش وتوو یانەتەوە.جاری وایە کەسێک وەک هۆنەرمەند "عەبە دەڕژێ" زۆر ئاسایی ئەمەی وتووە و کەچی هۆنەرمەندی بلیمەت "ڕەسووڵ نادری" وەک ئەوەی رازێکی ژنانە باس بکات، دەلێتەوە.

### 3-6- گۆرانی مەشکە ژەندن:

ئەم گۆرانییە لە ناو گۆرانییەکانی کاردا زۆر بە ناو بانگە، لە بەر ئەوەی ئەم گۆرانییە کە راستی دا گۆرانییێەکی ژنانەیە و ژنان بە یەک کەسی و دوو کەسی و لە ماڵی خۆیان دەیبێژن، ئەم گۆرانی دوای

مێری مەشکێ دەژێنێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
مەشکێم لە دار هەنارە
ئەوەڵ مانگی بەهارە
مەشکێم زێڕی ناودارە
ڕۆنی مەشکێم بەهارە

کوا ئەستێ ئاوێ بێنێ؟
هەتیوە دەست مەبزێوە
مێری دەسرۆکەی لارە
ئەی مەشکێ، مەشکێ، مەشکێ
هەڵم ئەواسی خوارە
مەشکێم گەلێک نێودارە

ئەی مەشکێ، مەشکێ،
بازنەی لە دەستم دەشکێ
دایدا ڕێژنەی بارانێ
هەی ماڵە بابم مەشکێ
شۆڕەسوارم لێ دیار بێ
زاوە مەکم لێ دیارە

مەشـکەم مەشـکەی مانگایە	مەشـــــکـــێ زۆری تـێـدایە	مێر قۆچاخەی دە قۆڵ کرد
دەیـــژێـــنـــێ لە بـێـــلایە	وا کەوتـــوومە بەیـــانـــێ	مەشـــکـێم نـایەتە ژانێ
شــــــل بـــۆوە زارەوانـــێ	مەشـــکێم بێ و داری گوێزە	ئەو گەنـجە زۆر بـزۆزە
بە جوانی خۆت سوێند دەدەم	مەشـــکێم بۆ بلێ بە ســـۆزە	مەشـکێم مەشـکێی مەڕانە
مەبەســـــتـــی مـن بـزانە	ئەی هەتـــیـــوە زۆرزانە	دە بــڕۆوە وا بەیـــانە

(نقل از نوار رسول نادری،1387)

مەشـــکە مەشـــکە مەشـــکە ســـوورەکە هـانەهـانـتە	ســـەد ســـــوار بە قـــوربـــانـــتە
مەشـــــکە ســــــوورەکە! خــۆت نەکە یـــاخـــی	ئـاوت بـۆ تـێـرم لە ســـای گـوڵـبـاخـی
مەشـــــکە ســــــوورەکە! خــۆت نەکە نەخـــوەش	ئـاوت بـۆ تـێـرم لە ســـای کـوچـکە ڕەش
مەشـــکە مەشـــکە مەشـــکە ســـوورەکە خۆت نەکە زویر	دۆکەت بـۆ شـــــووەکەم، کەرەکەت بـۆ وەزیـر
مەشـــــکە گەرمەژەن [1] کەفـــتـــمە نـــیـــمەڕۆ	ســـەمپـاش قـاو ئەکـا ســـــاحێومـاڵ نەڕۆ

(اسماعیلی، ١٣٩٣)

### 3-7- گۆرانی دۆینە:

ئەم گۆرانییە زۆر باو نییە، یانیی کەم بیســتراوە، دۆینە غەزایێکی گرینگی ژیــانی کوردەواری بووە، لە بەر ئەوەی کەرەسەکانی لە گەنمەوە تا گوڵ و گیای عەتری لە نـاوچە کۆکراونەتەوە. دۆینە غەزایێکی فەرهەنگیە لە بەر ئەوەی دروست دەکرێ، دروستکرانی لە بەر ئەوەیە کە وشـک دەکرێتەوە و کاتی پاییز و زسـتاندا دیسـان دەی خۆســـێینو دەی خۆن، دوینە جگە لە تایبەتمەندی خۆراکی، باشـیەتی دەرمانی هەیە، من ئەم گۆرانییەم لە کتێبی موسەنن وەر گرتووە.

(ها) دۆینە، دۆینە، دۆینە	گـاکۆل وە بـارە، دۆینە	دۆینە لە بـان بـاخـانی
ســـەگەیل ڕشـــیانە بانی	هەرچـی چـخەچـخ کـردن	سـەگەیل وە قەوڵ نەکردن
بازە هەڵســــا بۆرە گرد	وە نـاو دۆینە پۆخڵە کرد

(موسەنن، ٤٢:٢٠٠٥)

### 3-8- گۆرانی ئازاڵە(کچانە):

لەو ناوچانەی کە دار و درەخت نییە یان کەمە، بەهرەی زیاتر لە حەیوان وەدەگیرێ، لێرەدا بە روونی مەبەستی من لە لاس و پشکەڵی ئاژەڵە کە بۆ سووتەمەنی کەڵکی لێ وەردەگیرێ، ئەم کەڵــک وەرگرتنە جـاری وایە دەســـکردە وەک ڕەوتی پاکوت و پێژانی تەپاڵەو کردنی بە قەلاگە و ســـووتانی لە کاتی پێویســـتدا و جاری وایە سروشتیە، یانی پشکەڵ، تەرسەقول و لاس بە شێوەی ســـروشـــتی و دوای وشـــک بوونەوەی بۆ دەس ئاگر و ســـووتەمەنی کەڵکی لێوەردەگیرێ.ئەم گۆرانییە کچان لە کاتی ئازاڵە چنینەوە وتوویانە.

کچگەل جەم بوونۆ بە دڵ و بە هەوەس
چوون بۆ تەپـاڵە وە چەپەی گوڵ دەس
دەســــــی دانەوان بــۆ ئــاخــر تەپـــاڵە
ئەوەڵ زیــڕانــدی، دووهەم زیــڕانــدی
هــاواری کەســـــی کرد لە هــامڕاکــانی

---

[15]. گەرمە ژەن بەو ژەندنە دەوترێ کە ژن یا کابان لە باتی ئاوی سارد،بە ئاوی گەرم مەشکەکە دەژەنێ.

هامڕا جەم بوونۆ وەک حۆری بەهەشت
شەوقیان ئەخستۆ لە ماڵ و لە دەشت
یەکێکیـان تیـا بوو کۆرپەی نەوەخـاڵ
نـامەردی نەکرد هەواڵی برد بۆ مـاڵ
هـاتە ئەو یـاڵە هـاواری کرد کـاکە
لەوێ نەوێســـــی ئەتـۆ هەڕا کە
وتـی ئەم قـاوە و ئەم بـانگە چییە؟
هەرچی گوێ شـل کەم خێشـي من نییە
وتـی ئەتـۆ هەڕا کە، مەوێســـە لەوێ
جـا تـیـتە بەرۆ لـێـت حـاڵـی ئەوێ
جفتێ کەوش ڕەش کـارخـانەی زەهـاو
هەر وێنەی باڵدار نیشـــتە ملی ئـاو
هـاتی پـاییـنی ڕمیـاوە بێ خەم
ڕەنگی زەرد بووگە وەک چینی بە قەم
ڕووە ســـەرینـی هـیـچ دەنگـی نـیـیە
وتـی هەی کـچـێ ئـازارت چـیـیە
یەکێکیـان تیـابوو کۆرپەی نەوەخـاڵ
تەرمی لێ بوەســـین بیوەینۆ بۆ مـاڵ
بەســـتیـانـەو بۆی هەرزڵ و تەرواڵ
کەڵەشـــاخی گرت لە شـــلکەی بـاڵی
نمنم ئـارەق کەفـت لە توێـڵ و خـاڵی
دایکی دەســـی برد ئـارەقی ســـڕی
کـچ بە نەرمـێـکـۆ چـاوی هەڵوڕی
(اسماعیلی، ۱۳۹۳)

### 5- گۆرانی پێش پیشەسازی(مۆدێرن):

لەو وڵاتانەی کە ڕەوتی کۆمەڵایەتی زیاتر پێش چووە، گۆرانـی دەورانـی مـۆدێرن هەیە و دیـارە گـۆرانـی دوامۆدێڕنێش بە دوایدا دێت، لە بەر ئەوەی کوردسـتان لە دونیای سـێهەمە و لە دونیای سـێهەمەدا، بۆ خۆی لە بەشی لە حاڵی بە ناو گەشەدایە، پیشەسازی نۆژەن لەم ناوچانە شـــکڵیان نەگرتووە و لە بەر ئەمەش گۆرانی کـاری ئەم بوارە پێش نەکەوتووە، ڕەنگە لە کەرکووک یان شوێنی تر شتیوا لای کرێکارانی نەوت ببێ.
ئێمە گەر ســـەیری ئەم گۆرانییەی یەک لە بلیمەتەکانی ئاوازی کوردی، مامۆستا حەسەن زیرەک بکەین، پێمان دەڵێـت ئەو زەمـانە ئەو مـاشـــینگەلە کە هـاتوونەتە کوردســـتان "لەندرۆڤێر" و "شـــۆڤێرلێت" بوونە کە لە خۆیدا ئەوە دەردەخـات لەو کـاتەدا ئێران لە گەڵ دوو وڵاتی ئەمریکا و ئینگلیس نێوانی خۆش بووە.

| | |
|---|---|
| یـاڵڵا شـــۆفیر زوو بگە یـارم | زوو بـــگە یـــاری وەفـــادارم |
| لە دووری وی بـێ قەرارم | بـیـلــلا لە گـیــانــم بـێـزارم |
| بۆی ڕەنــگزەرد و لێوبەبــارم | تێ بکۆشـــە زوو ڕێک بخە کـارم |
| شـــۆفیر ماشـــینت «لاندرۆڤێر» | تونـد لێبخوڕە، مەترســـە، بوێرە |

دەی بگەرە یارم خێرا      بیلا بێ وی زەینم کوێرە
شۆفیر ماشینت «ئۆدرپۆست»ە      پوولم داوە، لێخورە مەوەستە
بگەرە ئەو چاومەستە      چاو باز و ئەبرۆ پەیوەستە
بمکوژێ حەقی بە دەستە      یاڵڵا شۆفیر زوو بگە یارم
شۆفیر ماشینت «شۆڤەرلێت»ە      گازی بدە دەفڕێ... دەڵێی شێتە
یار وێنەی ماینی کوێتە      توند توند برۆ کارم پێتە
قەتقەت مەڵێ ئاشق شێتە      شۆفیر ماشینت تەختی کارە
توند لێ بخورە لای ئێوارە      دڵ بۆ ئەو زۆر بێقەرارە
جووت مەمکی وێنەی هەنارە      (نقل از کاست حسن زیرک، بیتا)

### 5- گۆرانی پرژ و بڵاو:

لێرەدا ئێمە هەندێ گۆرانی مان دەست کەوت کە لە چوارچیوەی ئەو دەستەگەلە جێگەیان نەدەبووەوە کە دیاریمان کردبوون، وەک گۆرانی کاروان، گۆرانی سەربازی یان ئیجباری، گۆرانی سەفەرکردن...یەک لەوانی قاڵیکردن.

### 5- 1-گۆرانیی قاڵیکردن:

کوردستان بە هۆی ئەزموونی مەڕ و ماڵات داری، دەستێکی رەنگینی لە چنینی بەرگن و خۆری و مەرەز بە گۆرەوی و دۆلاخ و پلاس و هۆڕ و شۆلەکە تا جاجم و مەوج و قاڵی بووە، ئەم دەس رەنگینیە ناوبانگی جیهانی هەیە (لەوانە قاڵی بیجار و هەوشار و گلیم و جاجمی سنە). قاڵیکردن کارێکی سەخت و دژوارە و درێژخایەنە، ئەم کارە زیاتر کچان و ژنان و جاری وایە کوڕان و پیاوانیش دەیکەن، قاڵی زیاتر لە ماڵەوە دەکرێ، زۆر جار شوێنی قاڵیکردن تەنگ و تروسک و تاریک و نماویە، هەندێ جار کچ لە بەر هۆنەر قاڵێکردن خوازبینی تایبەتی بووە و جاری وابووە لە بەر هۆکاری ئابووری (قاڵیکردن) بە شوو نەدەراوە، جاری وا بووە تا تەواو کردنی قاڵی ئیجازەی گواستنەوەیان پێ نەداوە، بۆیە قاڵی دەیتوانی بۆ کچان ببێتە گێچەڵ و لە ژیانیانەوە بپێچرێت، هەر بۆیە کچان بە دەم قاڵیکردنەوە، گۆرانیان وتووە و خەم و ئارەزووی خۆیان دەردەبڕیوە.

چاوێکم دێشێ یەکێکم تانە      عاشق یەکێکم ماڵ لە کوێستانە
کراسەکەت دڕیا بۆ کراسێ ناکەی؟      لە شووە گولەکەت بۆ حاشا ناکەی؟
خوای بانی سەر کارێ پێم کەردەن      بێزارم لە گیان ڕازیم وە مەردەن
ماڵەکەی باوکت لەوپەڕی دێوە      خوەم کوڕە کاروانچی پاڵم دا پێوە
من ماڵم بۆ چەس؟ ماڵ ئەڕای چەمە؟      عالەم ئێدنتێزار گوڵەکەی خوەمە
قاڵی و قاڵیچە دوو گوڵ لە بانی      نازدار دانیشێ و چاوجوان لە شانی
هێزی پێم نییە بچمە سەر یاڵێ      بزانم نازدار ها لە چ ماڵێ
هەر سەرسەراوێ، دەنگ تۆی لێ نەیێ      یاخوا کوێرەو بێ ئاوی لێ نەیێ
دەسڕەکەی دەستت بۆ گوڵی لێتێ      بینێرە بۆ لام سەبووریم پێتێ

### 5-2-گۆرانی کانی:

دێ و ئاوەدانی لە دەوری کانی و ئاو دادەمەزران، دێهاتەکانی کوردستان زۆربەیان یەک تا چەن کانیان بوو، رەنگە هەندێکیان لە کەناری چەم و کارێز هەلکەوتبن، پێش هاتنی لوولەکێشی کجان لە کانی ئاویان دەهێنا، نەک ئەوە لە کانی جلیان دەشۆرد، جاری وابوو بۆ چا لێنان بۆ کانی تایبەتی و دوورتر دەرۆیشتن، ئەم کارە ئەوانی پێکەوە گرێدەدا، پەیوەندی کۆمەڵایەتیان پێکەوە دادەمەزراند، باسی دێ و دڵخواز و داوکار و رەقیب و ناحەزیان دێنایە گۆڕێ، پێکەو شۆخی و گلەییان دەکرد و جاری وابوو گۆرانیان دەوت.

خۆزگم بەو کوچکە کورسی لای کانی  دایم نازداران دانیشن لە بانی
خوا دایکت بگری بۆ شەرم و حەیات  من کەی دەستم برد بۆ پامۆرەی پات؟
پامۆرەی پاکەت زەنگیانەی ڕەشە  ژن دار و بێژن بۆ تۆ بێ هۆشە
قیبلەی حاجیان ها لە شومالەو  قیبلەی من هەر تۆی لا کەرە لامەو
کەم بێ و کەم بچۆ لەم دەور و پشتا  با خواکەی عالەم نەدەم بە گژتا
کەم بێ و کەم بچۆ ئەزانم جوانی  خوا کێف ئەوینێ بەفر ئەنێ بانی
خۆزگای من بوایەم لەجیای کڵاوەکەت  بقوپیام لە بان زوڵفە خاوەکەت
قەزات لە گیانم قاش ئەبرۆ پەیوەس  دڵەکەم دەربێنە با نەکا هەوەس
زرەی تەلەفوون ناو شارەبانی  بۆم دەرهاتووە نۆ ساڵ زیندانی

**ئاکام:**

ئەم لێکۆڵینەوە دەری دەخات کە زۆربەی پیشەکان، گۆرانی کاری خۆیان هەیە، ئەم گۆرانیگەلە جاری وایە لە لایەن ژنان و جاری وایە لە لایەن پیاوانەوە دەوترێ، نەک هەر ئەمە بەڵکوو گۆرانیمان پەیدا کرد کە لە لایەن کچانەوە دەبێژرێ، هەندێ لەم گۆرانیانە بە تاک و هەندێکیان بە کۆ دەوترێن، هەندێک لە هەوای ئازاد و هەندێک لە ناو ماڵی دیوەرژنگدار و بڕێک لە بن کەپر و ساباتی زوزانان. شتێکی دیکە کە لەم گۆرانیانە دەردەکەوێت ئەوەیە کە هەندێ بەیتی ئەم گۆرانیانە لە شیعری شاعیران وەرگیراون، بەڵام هەندێ بەیت هەیە کە لە چەندین گۆرانی کار چەن پات بوونەتەوە، نەک هەر ئەمە بەڵکوو بەیتی وا هەیە کە گۆرانی ئاشقانەوە بگرە تا وێردی مەولوویی خوێندن و لاواندنەوە بەر گوێ دەکەوون. ئەم گۆرانیانە وەزن و ئاهەنگی خۆیان هەیە و لە باری ناوەرۆکەوە گەڵی ناو کێوو و دەرە و لاپاڵ و ناوی ناوداران و ئاداب و ڕەسمی کۆنیان پاراستووە.

ئێمە دەزانین ئەم گۆرانایانە بەرینتر لەمەیە کە ئیستا باسمانکردووە، وەک زۆر کەسی پێش من وتوویانە لە پێشدا پاراستن و زەبتکردنی ئەم بەرهەمە فۆلکلۆریانە ئەرکی لە پێشینەن، دواتر خوێندنەوەی ئەم دەقە نایابانە کە دەزانم وەک مامۆستا ئەحمەد بەحری دەڵێت "گەنجی سەر بە مۆرن".

ئەم گۆرانیانە باسی چینایەتی بە هێزیان تێدایە، ئەو باسانە کە لە نێوان خان و ڕەعیەت دەردەکەوتوون، هەر وەها ئەو بابەتانە کە لە نێوان ژن و پیاو ڕوو دەدەن و جاری وایە عاشقانەن و هەندێ جار ڕەنگ و بۆی زوڵم و چەوسانەوە بە خۆوە دەگرن. ئەم گۆرانیانە ناوی گەڵێ حەیوان و دەشت و بەرزایی و تایفە و عەشیرەتیان لە خۆ گرتووە و پاراستوویانە .زمان دەوری سەرەکی لەم گۆرانیانە هەیە، ئەم گۆرانیانە هێشتا هەندێ شتی تیایە بۆ ئێمە دیار نین و پێویستیان بە لێکۆڵینەوە وردبینی و زانستی قوڵتر هەیە،

**سەرچاوەکان:**

**ئەلف. کوردی**


- ئەحمەدی موحەمەد(١٤٠٠) راسی ناوچەی لەیلاخ، سنە، کوردستان ناسی.
- ئوسکارمان ش(٢٠٠٦) تحفه مظفریه، ترجمه هیمن، هەولێر، موکریانی.
- ئیبراهیم عەزیز عومەر(١٩٨٨) هەندێ داب ونەریتی باوی کوردەواری، بەغدا.
- بەحری ئەحمەد(١٣٩٩) گەنجی سەر بە مۆر، چوار بەرگ، تاران، مادیار.
- پایانیانی سەلاح(١٣٨١) کانی مورادان،
- بۆرەکەیي، فاڕووق (١٣٦٩) ئامان لەرزانە، (ترانه هاي كردي)، بانه، انتشارات ناجي.
- حەفید، فاڕووق (٢٠٠٢)، هەڵبژاردەیەک لە گۆرانیی کوردي، سلێماني، سەردەم.
- حوسێن پەناهی، فەریدوون (١٣٩٤) پیشە کۆنەکانی شاری سنە، سنندج، انتشارات دانشگاه کردستان.
- شاربازێڕي، عوسمان (١٩٨٥)، گەنجینەی گۆرانیی کوردي (گنجینه ترانەهاي كردي)، بغداد، الزمان.
- شاربازێڕي، عوسمان (بێتا)، هەگبەیەک لە گۆرانیی ڕەسەني کوردي، بێ جا.
- شێخەڵڵا دەشتەکي، عومەر (١٩٩٨)، داستان و گۆراني لە فولکلۆري کوردیدا، هەولێر، وەزارەتي ڕۆشنبیري.
- جلیل، اوردیخان (١٩٧٨)، ستراناِ زارگوتنا کوردیا، مترجمين شكور مصطفي و انور قادر، بغداد، مجمع علمي.

- جنـدي، حـاجي (١٩٦٣)، فولكلورا كرمـانجـا (فولكلور كردي)، رواندز.
- لوتفی نیـا حەیـدەر، نـادرپوور لوقمـان(١٣٩٤) ئـاوێنەی بێگەرد، چەن بەیتی فۆلکلۆری ناوچەی سەقز، بێ شوێن،
- مەزهەر موفیـدە، حیجـازی فـاتمە، لوتفی نیـا حەیـدەر، نادرپوور لوقمان(١٣٩٣)دەســـێ گوڵ و دەســـێ نێرگز، چیرۆکی فۆلکلۆری ناوچەی سەقز، سەقز.
- مستەفا رەسوڵ(١٩٧٠) ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، بەغدا، دارجاحز.
- محمد حســـن، احمد (١٩٨٣) بازي بێريان، زندگي و ترانەهاي محمد مامڵي، جلد اول، بغداد، الحوادث.
- موسەنن چ (٢٠٠٥). هەڵبژاردەیەک لە گۆرانیی فۆلکلۆری ناوچەي ئەردەڵان، سلێماني، ئەنیستیتۆي کەلەپووري کورد.
- نەواری گۆرانیی حەســـەن زیرەک، مەزهەر خـالقی و رەسووڵ نادری.

**ب- فارسی**

- آریـانپور، امیرحســـین(١٣٥٤) تحقیق اجمـالي دربـاره جامعەشناسی هنر، تهران، انجمن کتاب دانشجویان.
- اســـکارمـان، تحفـه مظفریـه(٢٠٠٦) ترجمـه محمـدامین شیخ‌الاسلامي(هیمن).
- اسماعیلی مرضیه(١٣٩١) ترانه های کار منطقه کامیاران.
- اویســـیان عبدالعلی(١٣٩٩) کرد و کردســـتان در دوران پیش از تاریخ، سلیمانیه، سردم.
- صـــفی‌زاده، فاروق(١٣٧٥)پژوهشـــي درباره ترانه‌های کردي، تهران، ندا.
- سـعیدی شـاحسـین(١٣٨٩) آوازهای سـرزمین پدری ام، قم، امیران.
- سلیمی هاشم، کهریزی ثریا(١٣٨٧) تهران، آنا.
- شمش اسماعیل(١٣٩٣) فولکلور و تاریخ کرد، قم، مجمع ذخائر اسلامی.
- شمس، صادق(١٣٧٨) نگاهي به فرهنگ مردم کرمانشان، تهران، انتشارات فکر نو.
- حریری نجلا(١٣٩١) روش تحقیق کیفی، تهران، انتشارات دانشگاه آزاد.
- جعفری محمد(١٣٩٩) در آمدی بر فولکلور ایران، چاپ چهارم، تهران، دیبا.
- فاضـــلي، نعمت‌الله(١٣٨٧) جزوه جامعه‌شـناســـی هنر و ادبیات، دانشکده علوم اجتماعي دانشگاه علامه طباطبایی، تهران.
- کاظمی، بهمن (١٣٨٩) موســـیقی قوم کرد، تهران، نشـــر شادرنگ.
- محمدپور احمد(١٣٩٥) روش در روش، تهران، انتشارات جامعه شناسان.
- محمدزاده حســـین(١٣٩٦) نوع و محتوی ترانه های کار، دو فصلنامه دانش های بومی ایران، سال چهارم، شماره ٧، بهار و تابستان.
- محمدزاده حسـین(١٣٩٧) تحلیل مایگان مسـایل اجتماعی در ترانه های کار زنان، زن در فرهنگ و هنر، دوره ١٠وشماره ٢، تابستان.
- نیکیتن واســـیلی(١٣٧٨) کرد و کردســـتان؛بررســـی از دیدگاه سـیاسـی، جامعه شـناسـی و تاریخی، ترجمه محمد قاضـی، تهران، درایت.
- هدایت، صـــادق (١٣٣٤) فولکلور یا فرهنگ توده، تهران، امیرکبیر.

**ج- لاتین:**

- Bronner, simon(2017) the basics folklore, Rotledge, london.
- Benedict, Ruth(1961) Patterns of Culture, Reprinted, Boston.
- Gioia, E. (2006) work songs, Duke University press.
- Marvasti A (2003)Qualities Research in sociology, sage, Landon
- Propp. V, 1984- Theory and History of Folklore, translated by Ariadn Y Martin and Richard.
- Steward, Julian H(1955) Theory of Culture Change Illinois, University o Illinois Press.
- Thompson, Paul (2000) the voice at the past, Oral, history
- wendelmoet, Hamelink (2016) the sung home, narrative, morality and the Kurdish nation, Brill, Leiden&Boston


**پەراوێز:**

# آواهای کار و تنوع آن در مناطق کردستان ایران


**چکیده:**

ترانه‌های کار موضوعی است که در چارچوب دانش فولکلور جای می‌گیرد. هدف این تحقیق جمع‌آوری و تقسیم ترانه‌های کار در مناطق کردنشین کردستان ایران است. نظریه های دانش فولکلور در چهار گروه نظریه تاریخی تطبیقی، ملی گرایی، روانکاوی و مردم شناسی قرار می‌گیرند. روش جمع آوری اطلاعات در این تحقیق از طریق اسناد، نوار کاست و مصاحبه میدانی بوده است. اطلاعات میدانی از شهرها ومناطق سنندج، سقز، سرشیو، اورامان، موچش و کامیاران گردآوری شده است. بعد از جمع آوری متن، ترانه های کار در چند گروه اصلی و فرعی تقسیم شده است مثل: ترانه‌های شکار، ترانه‌های کشاورزی(هفت نوع) ترانه‌های دامداری(هشت نوع)... نوع و محتوی این ترانه‌ها نشان می-دهند که بخشی از تاریخ اجتماعی، اداب و رسوم، ارتباطات اجتماعی مثل جنسی و طبقاتی .. در درون آن ها بازتاب یافته است. اگرچه نویسنده و گوینده این متون ناشناخته مانده-اند و اما حاوی مباحث جامعه شناسی، مردم شناسی و علوم سیاسی مهمی هستند که لازمه آن حفظ و حراست از آنها است و نگریستن بدان مثل گنجینه ای فرهنگی است.


**کلیدواژه:** *کار، ترانه کار، مناطق کردنشین.*

## Work songs and its kind in the Kurdish region in Iran


**Abstract:**

Work song takes place within the framwork of folklore knowledge.the goal of this study is collect and divide work song among kurdish reisdual in Iran. The folklore theory include comparative-historical,nationalism,psychoanalysis and antropolgy.methodology were qualitative approach and data collected by field interview, document and tape. Work songs collected from sanandaj, Saghez, Kamyaran, Kamyaran regions. The voice of work song translated to text, then work song divided in two main part include: Hunting, agriculture (seven type) livestock (eight type) preindustrial and many others. Type and content of texts show that part of social history, tradition, class and sex relation lies in these texts .however ,the speaker and author of this texts remain unknown but it contain important issues of sociology,antropolgy and political that necessary to be saved and look like cultural treasure.


**Keywords:** *Work, Work song, Kurdish region*